# دەوڵەتی کوردی، عەقڵ دەیگرێ!

ئا. : بەکر شوانی

حەسەن جەمال – ڕۆژنامەی میللیەت ۲۰۰۳/۷/۱۱:

(ئەمەریکا سیناریۆی چۆنی بە دەستەوەیە بۆ کوردەکان؟ چۆن بیر لە کوردەکانی عێراق دەکاتەوە؟ دەوڵەتی سەربەخۆ. . . فیدرالی. . . واشنتۆن چۆن بۆ کوردەکانی تورکیا و پ. پ. ک-کادەک دەڕوانێ؟ لێردەدا ڕاستیەک هەیە:

ئەمەریکا ئەمرۆ ئیدی دەستی کردووە بە خۆشویستنی کوردەکان، بە تایبەتیش کوردەکان بە متمانەدارترین هێز دەبینێ لە عێراقدا، ئەمە لە کاتێکدا ئەمەریکا لە ساڵانی شەڕی سارد و ساڵی ۱۹۹۱ لە دوای شەڕی یەکەمی کەنداوەوە چاوپۆشی لە کوشتنی کوردەکانی عێراق کردبوو. دواتر هەلومەرج گۆڕا و ئەمەریکا لە باکوری عێراق کوردەکانی لە ڕژێمی سەدام حسێن پاراست. هێزی چەکوشی جێگیرکراو لە ئینجەرلیک کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ بزاوتی پشکنینی باکور، دەرگای قۆناغێکی نوێی بۆ کوردەکان خستە سەر پشت و لەو ماوەیەدا دەستیان کرد بە بەڕێوەبردنی خۆیان. بە واتایەکی تر، لە خۆیانەوە دەستیان دایە دامەزراندنی پێکهاتەکانی دەوڵەتێک لە باکور. جا ئایا هەردوو سەرۆکی کورد جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لە دەسپێکی ئەو قۆناغەدا بیرۆکەی دەوڵەتێکی کوردیان لە سەر و لە دڵدا هەبووە؟ هەڵبەتە هەبووە. ئەدی لە سەر و دڵی ئەمەریکادا هەبووە؟ هەڵبەتە. ئەمانە گەمەکەیان پێکەوە کرد، بەڵام هەردوو لا هاوکێشەی بەرژەوەندی هاوبەشیان خستە گەڕ و بە بایەخەوە هەوڵیان دا هێڵە کێشراوەکانیان نەکەونە بەر چاوان.

ئێستا دەبێ نەخشەی گەمەی تورکیا چۆن بێت؟ با لەسەرخۆ بیر بکەینەوە: ئایا شەڕ لەگەڵ ئەمەریکا سود بە بەرژەوەندیەکانی تورکیا دەگەیەنێ لە باکوری عێراق؟ ئایا دوژمنایەتی کردن لەگەڵ کوردەکانی عێراق لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی تورکیادایە؟ لە سەردەمی سەدام دا نە شەڕمان کرد و نە دوژمنایەتی و ڕاستیشمان کرد. ئەگەر بێ قیژە و هاوار و بێ ئەوەی بکەوینە بەر تەوژمی گێچەڵ و ئاژاوە، بیر بکەینەوە:

١- لەگەڵ ئەمەریکا لە جیاتی ناکۆکی، هاوکاری. . .

٢- لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا لە جیاتی دوژمنایەتی، نزیکبوونەوە و پەیوەندی باش. . .

٣- ژیانێکی ئارام لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی حقوقیدا بۆ هاوڵاتیە تورکەکانی بە ڕەچەڵەک کورد. . .

ئەگەر تورکیا لەم سێ لایەنەوە هەنگاوی ڕاست بنێ، ئەوا لەسەر ئاستی دەرەوە باکوری عێراق لە چوارچێوەی کێشە دێتە دەرێ و لە ناوخۆش دەروازەی ئاسایش زیاتر دەکرێتەوە.)

## ۱۱ی ئەیلولی پەیوەندیەکانی تورکیا و ئەمەریکا

مەمەد ئۆجاکتان – ڕۆژنامەی یەنی شەفەق ۲۰۰۳/۷/۱۱:

(ئێمە وەکو هاوڵاتیانی وڵاتێکی سەربەخۆ، ئەم ڕەفتارەی دەرهەق بە ئێمە ئەنجامدراوە، هەموومانی لە ناخەوە بریندار کردووە. کێ چی دەڵێ با بڵێ، قەیرانەکەی سلێمانی بـــوو بە "۱۱ی ئەیلول"ی پەیوندیەکانی تورکیا و ئەمەریکا. لە ئێستا بەدواوە هێزی چەکداری تورکیا بە هیچ جۆرێک "هاوپەیمانی ستراتیژی" پێنتاگۆن نیە، لەبەر ئەوە تورکیا کە تا ئێستا ستراتیژیەکی هاوسەنگی

www.kurdistannet.org
12/07/2003 14:47

لەمەڕ سیاسەتی باکوری عێراق و کورد پێشنەخستووە، ئێستا پێویست دەکات کە سیاسەت و ستراتیژی نوێ بئافرێنێ. بەلێ، هەلۆێستی ئەمەریکا لە سلێمانی زەبرێک بوو لە سەروەریمان درا، بەلاّم بەداخەوە ناکرێ ئەو ڕاستیە بشاردرێتەوە کە سیاسەتەکانی چەندین ساڵەی تورکیا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد بە گرتنەبەری ڕێبازی "پۆلیسی" لە جیاتی ڕێوشوێنی دیموکراسی، لەبەرامبەر هێزی داگیرکەر لە عێراقدا مایەپووچ بووە. بە کورتی، ئیدی زۆر دژوارە هاوکێشەکانی نوێی نێونەتەوەیی تەنیا بە "تێزی ڕەسمی" پشتبەستوو بە "ئەقڵی سەبازی" ڕابگیرێ. لەبەر ئەوە پێویستە تورکیا کێشەکانی خۆی بە شێوازی دیموکراسی شەفاف چارەسەر بکات و ڕوو لە سڤیل بوون بکات.)

کوردستان نێت www.kurdistannet.org